ئێواره کۆڕێک لەسەر تاوانی ئەنفالی بەدناو .

ڕۆژی شەممە، بەرواری 30.4.2011 لە دەمژمێر: 14ـ 17( دووی پاشنیوەڕۆ تا پێنجی ئێواره)، لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویج، (ناوەندی چاک) کۆڕێک سازدەکات لەسەر ئەنفال، لەم کۆڕەدا چەند بابەت و چالاکیەک پێشکەش دەکرێت لە ماوەی سێ دەمژمێردا.

یەکەم/ بەڕێز خەندان حەمەجەزا، نوسەر و لێکۆڵەرەوە و چالاک لە بواری جەندەردا، بابەتێک پێشکەش دەکات لە ژێر ناونیشانی: کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ژنانی دوای پڕۆسەی ئەنفالی بەدناو، لە ناوچە ئەنفالکراوەکاندا.

دوەم: بەڕێز ڕۆزا حسێن ، نوسەر و ڕوناکبیر ، باسێک پێشکەش دەکات لە ژێر ناونیشانی، تراژیدیا وەک دەسکەوت. ناوەڕۆکی بابەتەکە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵکردنی کورد خۆیەتی لەگەڵ تاوانی ئەنفالدا.

سێیەم: لە پێشەکی و نێوانی هەردوو بابەتەکەدا چەند بابەتێکی هونەری پێشکەش دەکرێت. کە بڕیار وایە ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە بەشداری بکەن.

1/ مامۆستا حسەن گەرمیانی. 2/ هونەرمەند کاک قادری ئەلیاسی. 3/ هونەرمەندا کاک سامراند ئەلیاسی، 4/ هونەرمەند کاکە بیلان.

دەرگای ئەم کۆڕە کراوەیە بۆ هەموو خەمخۆر و دڵسۆزێک لە یادکردنەوە و بەدواچوونی تاوانی جینۆسایدی گەلەکەماندا، هاتن بۆ هەمووانە.

ناوەندی هەڵبەجە، دژ بە ئەنالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک.

شوێنی کۆڕ: لە هۆڵی کتێخانەی گشتی ئۆسلۆ

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە
96860300 95967838
یان لەڕێگەی ئەم ئیمایلەوە
jihadhammah@yahoo.com

DEICHMANSKE..BIBLIOTEK
ARNE GARBORGS PLASS 4
0179 OSLO